## نامەیەکی کورت بە ناونیشانی :

# (( چەند پرسیارێک دەربارەی ئایەتولکورسی ))

ئامادەکردنی

شەیخ : هەیسەم موحەممەد سەرحان

مامۆستا لە پەیمانگای مزگەوتی پێغەمبەری خوا- لە پێشاندا — وە سەرپەرشتیار لەسەر پەیمانگای سوننە

mahadsunnah.com

خوای گەورە لە خۆی و هەموو ئەوانە خۆش بێت کە هاوکاریان کردووە بۆ ئامادەکردنی ئەم کتێبە

چاپی یەکەم

(مافی چاپکردن ڕێگەپێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک بە بێ دەستکاری ناوەڕۆکەکەی)

به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

| وەڵام: | پرسیار: |
|---|---|
| ئەو ئایەتەی خوای گەورەیە کە دەفەرموێت : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُۚ لَا تَأۡخُذُهُۥ سِنَةٞ وَلَا نَوۡمٞۚ لَّهُۥ مَا فِي ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِي ٱلۡأَرۡضِۗ مَن ذَا ٱلَّذِي يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦۚ يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ وَهُوَ ٱلۡعَلِيُّ ٱلۡعَظِيمُ ٢٥٥ ﴾ (البقرة) | ئایەتولکورسی چییە؟ |
| ئایەتی (٢٥٥) لە سورەتی (البقرة) | لە چی سورەتێکدا هاتووە ؟ |
| چونکە باسی کورسی تێدا کراوە ، وە لە جگە لەم ئایەتە لە هیچ جێگایەی تردا باس نەکراوە ، وە لە سوننەتیشدا بە ئەم ناوەوە هاتووە ، لە (صحيح البخاري) دا هاتووە لە فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە لە باسی چیرۆکی شەیتاندا ، کەوا پێی وتووە : (( ئەگەر چویتە سەر جێگای خەوتنت ئەوا ئایەتولکورسی بخوێنە , بەردەوام لە لایەن خواوە پارێزەرێکت بۆ هەیە و شەیتان نزیکت ناکەوێتەوە تاوەکو رۆژ دەکەیتەوە)) , پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((ئەو راستی لە گەڵ تۆدا کرد و کەچی خۆیشی درۆزنە)). | بۆ ناوی لێنراوە ئایەتولکورسی ؟ |
| (عبدالرزاق) و جگە لە ئەو بە سەنەدێکی جێگرەوە ریوایەتیان کردووە لە ئیبن | کورسی چییە؟ |

| | |
|---|---|
| | عەبباسەوە کەوا فەرموویەتی : کورسی جێگای هەردوو پێیەتی ) واتە: هەردوو پێی خوای گەورە ، وە هەمان فەرموودە لە ئەبو موسای ئەلئەشعەرییەوە بە صەحیحی هاتووە ، ئەوەیش مەوقوفە (واتە قسەی هاوەڵانە) ، بەڵام حوکمی رەفعی هەیە ، چونکە لەو باسانەیە بە بۆچوون قسەی تیادا ناکرێت ، و کورسیش لەبەر دەستی عەرشدا وەکو پێشەکییەکە بۆی .<br>وە پێ (قدم) صیفەتێکی جێگیرە بۆ خوای گەورە ، لە هەردوو کتێبی (صحیح)دا هاتووە لە ئەبو هوریرەوە بە مەرفوعی (واتە : لە پێغەمبەری خواوە ) : (( بەڵام ئاگر ئەوا پڕ نابێت تاوەکو خوای پەروەردگار قاچی دەخاتە سەری ) وە لە ریوایەتی (مسلم) دا هاتووە , (پێی) , ئەویش دەڵێت : بەسە بەسە .<br>جا صیفەتی پێ و قاچ بۆ خوای گەورە دەسەلمێنین لەسەر حەقیقەتی خۆی ، وە ناڵێین : چۆن ؟ چونکە صیفەتەکانی خوای گەورە بە عەقڵ درکی پێ ناکرێت .<br>وە کورسی دروستکراوێکی زۆر مەزنە ، (وَسِعَ كُرۡسِيُّهُ ) واتە : دەیگرێتەوە (ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ) وە دەورەی ئاسمانەکان و زەوی داون . |
| پێگەی ئایەتولکورسی لە نێو ئایەتەکانی قورئاندا چییە ؟ | مەزنترین ئایەتە لە کتێبەکەی خوای گەورەدا ، ئەوەیش لە سوننەتدا هاتووە ، لە (صحیح |

| | |
|---|---|
| | مسلم) دا هاتووە لە ئوبەی کوڕی کەعبەوە فەرموویەتی : پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : ((ئەی ئەبو لمونزیر , ئایە دەزانی چی ئایەتێك لەو ئایەتانەی پێتە لە هەمووی مەزنترە لە کتێبەکەی خوای گەورەدا ؟ دەڵێت : وتم : خوا و پێغەمبەرەکەی زاناترن ﷺ , فەرمووی : ئەی ئەبو لمونزیر , ئایە دەزانی چی ئایەتێك لەو ئایەتانەی پێتە لە هەمووی مەزنترە لە کتێبەکەی خوای گەورەدا ؟ دەڵێت : وتم : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَيُّ ٱلۡقَيُّومُ ﴾ (البقرة: ٢٥٥) دەڵێت : پێغەمبەری خوا ﷺ دای بە سەر سینگمدا و فەرمووی : سوێند بە خوا ئەو زاستەی لاتە پیرۆزت بێت و پێی ئاسوودە بیت). واتە : ئەو زانستەت پیرۆز بێت . وە لەم فەرموودەدا دان پیدانانی پێغەمبەری خوای تێدایە بۆ قسەکەی ئوبەی کەوا ئایەتولکورسی مەزنترین ئایەتە لە کتێبەکەی خوای گەورەدا ، وە رەنگە ئوبەی لە پێش ئەوە لە پێغەمبەری خوای بیستبێت . |
| ئایە قورئان باشتر و باشترینی تێدایە ؟ | ئەگەر لە لایەن قسەکەری قورئانەوە تەماشای بکەین ئەوا قورئان باشتر و باشترینی تێدا نییە ، چونکە قسەکەری قورئان یەک کەسە کە ئەویش خوای گەورەیە . بەڵام قورئان باشتر و باشترینی تێدایە بە بەڵگەی فەرموودەکەی ئوبەی لە رووی : **بابەت و مانا و ناوەڕۆکەوە** : جا سورەتی |

| | |
|---|---|
| | ئیخلاص کە ستایشی خوای گەورەی تێدایە و ناو و صیفاتەکانی خوا لە خۆ دەگرێت وەکو سورەتی (المسد) نییە کە باسی حاڵی ئەبو لەهەب دەکات . **لە رووی کاریگەری و شێوازە بە هێزەکەیەوە** : هەندێ ئایەت هەن دەبینی ئایەتێکی کورتن ، بەڵام سەرزنشتێک و ئامۆژگاریەکی بە هێزی دڵەکانی تێدایە وەکو ئایەتولکورسی ، وە ئایەتێکی تر دەبینی کە زۆر لە ئەو درێژترە بەڵام ئەوەی لە ئایەتی یەکەمدا هەیە لە ئەودا بە دی ناکرێت ، وەکو ئایەتی قەرز. |
| ئایەتولکورسی بە چی دەستی پێکردووە ؟ | بە باسکردنی تەوحید و نەفی کردنی شیرک دەستی پێکردوە ، دەفەرموێت : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ﴾ وە ئاشکراشە کە وشەی تەحید (لا اله الا الله)یە ، کە دوو پایەی تێدایە ئەوانیش : (لا اله) نەفییە ، (الا الله) سەلماندنە . |
| ئایە کاتی دیاری کراو هەیە سوننەت بێت تیایدا ئایەتولکورسی بخوێنرێت ؟ | بەڵێ ، سوننەتە لە شەودا بخوێنرێت پێش خەوتن ، هەروەها لە پاش هەموو نوێژە فەرزەکان . |
| بەرهەمی خوێندنەوەی ئایەتولکورسی چییە لە پێش خەوتن ؟ | لە پێشدا باسی فەرموودەکەی ئەبو هورەیرە کرا لە چیرۆکی شەیتاندا کەوا پێی گوت : (( ئەگەر چویتە سەر جێگای خەوتنت ئەوا ئایەتولکورسی بخوێنە , بەردەوام لە لایەن خواوە پارێزەرێکت بۆ هەیە و شەیتان نزیکت ناکەوێتەوە تاوەکو رۆژ دەکەیتەوە)) , |

| | |
|---|---|
| | پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ((ئەو راستی لە گەڵ تۆدا کرد و کەچی خۆیشی درۆزنە)). وە فەرموودەکەیش لە (صحيح البخاری)دا هاتووە . |
| بەرهەمی خوێندنەوەی ئایەتولکورسی چییە لە پاش نوێژە فەرزەکان ؟ | هۆکاری چوونە بەهەشتە ، ئیمامی نەسائی لە کتێبی (الكبرى) و ئیمامی تەبەڕانی ریوایەتیان کردووە لە ئەبو ئومامەوە کەوا پێغەمبەری خوا فەرموویەتی : (هەرکەسێك لە پاش هەموو نوێژێکی فەرز ئایەتولکورسی بخوێنێت ئەوا هیچ رێگرێك نییە لە نێوان ئەو و چوونە بەهەشت تەنها مردن نەبێت) |
| ژمارەی ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە چەندن کە لە ئایەتولکورسیدا باس کراون ؟ | پێنج ناوی پیرۆزی تێدا باسکراوە : (الله ، الحي , القيوم , العلي , العظيم) |
| ژمارەی صیفاتەکانی خوای گەورە چەندن کە لە ئایەتولکورسیدا باسکراون ؟ | زانای پایەدار ئیبن عوسەیمین باسی کردووە کەوا باسی بیست و شەش صیفەت کراوە ، لەوانە : زیندوو ، قەیوومییەت ، بێ نیاز بوون لە جگە لە خۆی ، نەفی کردنی خەوەنوچکە ، نەفیکردنی خەوتن ، نەفی کردنی ماندوو بوون و بارگرانی لە پاراستنی دروستکراوەکاندا ، وە گشتگیری موڵکەکەی ، کەمالی دەسەڵاتەکەی ، زانست ، هیچ کەسی دەورەی زانست و زانیارییەکەی ئەو نادات و نایزانێت ، ویست ، هێز ، بەرز و مەزنی ، جگە لەوانەیش . |
| ئایە ئایەتەکە رستەیەکی ناوییە (جملة اسمية)یە یان رستەیەکی کردارییە (جملة فعلية)یە ؟ | ئایەتولکورسی رستەیەکی ناوییە (جملة اسمية)یە ، وە هەر رستەیەک تیایدا دەکرێت ببێتە (خبر) بو (مبتدا)کە , کە (ٱللَّهُ)یە یان |

| | |
|---|---|
| | (ٱلۡحَیُّ ٱلۡقَیُّومُ )ـە . |
| چەند جار لە قورئاندا ناوی پیرۆزی خوای گەورە (الحي) لە گەڵ (القیوم) دا هاتووە ؟ | ئەم دوو ناوە لە قورئاندا لە سێ جێگادا بە یەکەوە باسکراون : لێرە لە ئایەتولکورسی لە سورەتی (البقرة) ، وە لە سورەتی (آل عمران) : ﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلۡحَیُّ ٱلۡقَیُّومُ ﴾ وە لە سورەتی (طه) : ﴿ وَعَنَتِ ٱلۡوُجُوهُ لِلۡحَیِّ ٱلۡقَیُّومِۖ وَقَدۡ خَابَ مَنۡ حَمَلَ ظُلۡمًا ﴿١١١﴾ ﴾ (طه: ١١١) |
| زانایان چییان فەرمووە دەربارەی ئەم دوو ناوە ئەگەر بە یەکەوە بن ؟ | هەندێ لە زانایان فەرموویانە : ئەمە ناوە مەزنەکەی خوای گەورەیە : هەروەکو ئیبن ماجە ریوایەتی کردووە لە ئەبو ئومامەوە کەوا پێغەمبەری خوا فەموویەتی : ((ناوە مەزنەکەی خوای گەورە لەم سێ سورەتەی قورئاندایە : لە سورەتی (البقرة)و (ال عمران)و (طه) دایە.<br><br>هەروەها ئەوەی خاوەن (سونەن)ـەکان ریوایەتیان کردووە لە ئەنەسەوە کەوا لە گەڵ پێغەمبەری خوادا دانیشتبوو ، کابرایەکیش نوێژی دەکرد ، ئەمجار دوعای کرد و وتی : - ((اللهم إني أسألك بأن لك الحمد لا إله إلا أنت المنان بديع السماوات والأرض يا ذا الجلال والإكرام يا حي يا قيوم )) فقال النبي : لَقَدْ دَعَا اللَّهَ بِاسْمِهِ العظيم الَّذِي إِذَا دُعِيَ بِهِ أَجَابَ وإذا سُئِلَ بِهِ أَعْطَى» |

| | |
|---|---|
| | واتە : ئەی خودایە .. من لێت دەپاڕێمەوەو داوات لێدەکەم بەوەی کە سوپاسو ستایش هەر بۆ تۆیە , هیچ پەرستراوێك نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها تۆ نەبێت , خاوەنی فەزڵو منەتی , بەدیهێنەری ئاسمانەکانو زەویت , ئەی خاوەن پایەبەرزیو ڕێزو شکۆ , ئەی زیندوو ئەی هەڵسوڕێنەری بوونەوەر )<br>پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : ئەو داوای لە خوا کرد بە ناوە مەزنەکەی (الاسم العظيم) ئەو ناوەی کە ئەگەر پێی بپاڕێیتەوە ئەوا وەڵام دەدرێیتەوە و ئەگەر داوای پێ بکەیت ئەوا دەتدرێتی )<br>ئەمەیش یەکێکە لە قسەی زانایان دەربارەی دیاری کردنی ناوە مەزنەکەی خوای گەورە ، وە جگە لەمەیش وتراوە . |
| بۆ بە ئەو دوو ناوە دەڵێن : ناوە مەزنەکەی خوا ؟ | زانای پایەبەرز ئیبن عوسەیمین فەرموویەتی : (زانایان فەرموویانە : لەبەر ئەوەی ناوە مەزنەکەی خوای گەورە لە یەکگرتنی ئەو دوو ناوەدایە چونکە ئەو دوو ناوە هەموو ناوە پیرۆزەکانی خوای گەورە لە خۆ دەگرێت ، چونکە صیفەتی کەمال بەشێکە لە (الحي) وە صیفەتی چاکەکاری و دەسەڵات بەشێکن لە (القيوم) . |
| مانای ناوی پیرۆز (الحي) چییە ؟ | (الحي) خاوەنی ژیانێکی کاملە و زیندوویەکی کاملە و هیچ کەموکورتی تێدا نییە ، کە ڕۆژێک نەبووە کە نەبوو بێت (ئەزەلییە) وە |

| | |
|---|---|
| | رۆژێک نییە کە نەمانی بەسەردا بێت (ئەبەدییە) |
| مانای ناوی پیرۆزی (القیوم) چییە ؟ | (القیوم) صیغەی موبالەغەیە لە (قیام)ـەوە هاتووە (واتە لە هەستانەوە) ، ئەویش ئەوەیە کە خۆی بە خۆی هەستاوە ، وە جگە لە ئەویش بە هۆی ئەوەوە وەستاون ، بێنیازە لە هەموو شتێک لە جگە لە خۆی ، وە هەموو شتێک پێویستیان بە ئەوەو موحتاجی ئەون . |
| مانای ناوی پیرۆزی (العلي) چییە ؟ | (العلي) بریتییە لە بەرزییەکی رەها ، ئەویش بەرزبوونەوەیەتی بەسەر هەموو شتێکدا ، جا خوای گەورە بەرز و پیرۆز بێت بەرزە بەرزی خودی خۆی وبەرزی زاڵبوون و دەسەڵات و بەرزی کەمال لە ناو و صیفەتەکانیدا . |
| مانای ناوی پیرۆزی (العظیم) چییە ؟ | (العظیم) واتە خاوەنی مەزنییە لە خودی خۆیدا و لە دەسەڵاتیدا و لە صیفاتیدا . |
| جیاوازی چییە لە نێوان (السنة) و (النوم)دا؟ | (السنة و النوم) دوو صیفەتی نەفیکراون لە خوای گەورە ، وە (السنة) واتە : خەوەنوچکە ، کە پێشهاتی خەوتنە ، وە لە نەفیکردنیدا دووپاتکردنەوەی کەمالی زیندوویی خوا و قەیومیەتی تێدایە . |
| چی شتێک پێویستە باوەڕمان پێی هەبێت لە صیفاتە نەفیکراوەکاندا ؟ | زانای پایەبەرز ئیبن عوسەیمین دەفەرموێت : باوەڕ هێنان بە صیفاتە نەفیکراوەکان دوو شت لە خۆ دەگرێت : یەکێکیان : باوەڕ بە نەفیکردنی ئەو صیفەتەی کە باسکراوە ، وە دووەمیان : سەلماندنی کەمالی دژەکەیەتی ، چونکە جاری وا هەیە کەمال بە پێی زۆرینە |

| | |
|---|---|
| | دەگوترێت ، هەرچەند لە چەند ڕوویەکەوە ڕەنگە کەموکورتی لە خۆ بگرێت ، بەڵام ئەگەر کەمکورتییەکە نەفی کرا ئەوا مانای وایە کەمالەکە کەمالی ڕەهایە ، هیچ کاتێک کەموکورتی بەسەردا نایەت بە هیچ شێوەیەک لە شێوەکان ) |
| ئایە لە ئایەتەکەدا شەفاعەت سەلمێنراوە ؟ | بەڵێ ، لە ئایەتەکەدا سەلماندنی شەفاعەتی تێدایە ، لەبەدەرهێنانەکەدا لێی تێدەگەیت : ﴿ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشۡفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذۡنِهِۦ ﴾ ، وە بە مۆڵەتدانی خۆی تەقییدی کردووە ، جا شەفاعەت لە دروستکراوێکەوە بۆ دروستکراوێک نابێت ئیللا بە ئیزنی خوای گەورە نەبێت ، وە مەرجی مۆڵەتدانی لە شەفاعەتدا : ڕازی بوونیەتی لە شەفاعەتکار و لەوەی شەفاعەتی بۆ دەکرێت ، وە شەفاعەت ڕێزێکە لە خوای گەورەوە بۆ شەفاعەتکارەکە . |
| مانای ئایەتی :﴿ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىۡءٍ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَۚ ﴾ چییە ؟ | دوو ماعنای ڕاست و دروستی هەیە :<br>- دروستکراوەکان هیچ شتێک نازانن دەربارەی ناو و صیفات و کردارەکانی خوای گەورە ئیللا ئەوە نەبێت فێریانی کردووە ، بۆیە دروست نییە پرسیار بکرێت دەربارەی چۆنییەتی صیفاتەکان .<br>- دروستکراوەکان هیچ شتێک نازانن لەوەی خوای گەورە دەیزانێت ئیللا |

| | |
|---|---|
| | ئەوە نەبێت خۆی ویستی لێیەتی فێریان بکات . |
| مانای ئایەتی : ﴿وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفۡظُهُمَاۚ﴾ چییە ؟ | (وَلَا يَـُٔودُهُۥ ) واتە : قورس نییە لەسەری و گران نییە لەسەری ، (حِفۡظُهُمَاۚ ) واتە : – پاراستنی– ئاسمانەکان و زەوی . |
| چۆن دەتوانم زیاتر فێربم ئەو دوای بەشەکانی دینی ئیسلام ؟ | دەتوانیت لە گەڵماندا بە بێ بەرانبەر بخوێنیت لە رێگای پەیمانگاکەمانەوە (پەیمانگای سوننە) لەرێگای ئەو لینکەوە لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە .<br>بۆیە پشت بە خوا ببەستە ، وە خوای گەورەیش یارمەتی دەرت دەبێت لە هەوڵ و تێکۆشانەکەتدا ، جا دین سووک و ئاسانە ، خوای گەورە یارمەتی دەرت بێت بە ئەوەی خۆی پێی خۆشە و پێی رازی دەبێت ، وە لە کۆتاییدا ئامۆژگاریت دەکەم بە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خواکە دەفەرموێت : , سووربە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیەو پەنا بە خوا بگرەو تەمبەڵو تەوەزەل مەبە. |